## سی حوزەیرانی ٢٠٠٤

# ڕۆژی ڕەشپۆشی و ماتەمینی نەتەوەی کوردە



**جەمال نەبەز- ئەڵمانیا**

ڕۆژی ٣٠ حوزەیران؛ بۆ نەتەوەی کوردو خەڵکی کوردستان؛ ڕۆژی ماتەمینیی گشتییە، ڕۆژی کولانەوەو هاتنەوە سوێی برینی سارێژنەبووی هەرەسهێنانی شانشینی باشوورو، کۆماری ڕۆژهەڵات و، شۆڕشی ئەیلوول و، نووچدانی سەرهەڵدانی باکوورە. سی حوزەیران؛ ئەو ڕۆژە شوومە ڕەشەیە؛ کە سەروەریتی و دەسەڵات؛ هێدی هێدی و بەخشکەیی؛ دەکەوێتەوە دەست ئەنفالکەرانی کوردو، کیمیابارانکەرانی کوردستان و، بەعەرەبکەرانی کەرکووك و مووسڵ و کووت و دیالەو، کۆچپێکەران و خوێنرێژانی هەزاران کوردی فەیلیی بەغدا. ڕۆژی سی حوزەیران؛ ڕۆژی گریان و قوڕپێوانە، بۆ گوڵی بابردووی هیوای کوردی قوربانیدەرو خاوەن شەهیدو، بێوەژنی مێرد کوژراوو، کچ و کوڕی باوك شوێنەونکراوو، پیرەمێردو پیرەژنی بێکەس و خێرنەدیو. ڕۆژی سی حوزەیران؛ دواڕۆژی سەربەخۆیی سێ پارێزگاکەی ژێر دەسەڵاتی پارتی و یەکێتییە.. ئەو سەربەخۆییەی نرخی نەزانرا.

ئەریێ. . . خەونی ئەرخەوانیی کورد؛ لە نیسانی ٢٠٠٣داو، بۆ چوارەمین جار لەماوەی سەتساڵی ڕابوردوودا، هاتەوە دیو، دەرفەتێکی وا هەڵکەوت بۆی؛ کە زۆر بەدەگمەن و دانسقە بۆ نەتەوەیەکی ژێر دەستەی وەك کورد هەڵدەکەوێ.. کورد بوونە هەڤاڵبەندی گەورەترین هێزی جیهان. . . داودەزگەی فەرمانڕەوایی ترسناکترین داگیرکەری کوردستان؛ لە بنج و بنەڕەتەوە هەڵتەکا.. . نافەکی دەوڵەت و لەشکرو پۆلیس و ئاسایشی بەعسی کوردکوژی تێرۆریست، بەبرین چوو. سەددامی مرۆڤخۆری ترزل؛ بەوپەڕی سووکایەتیی و ئەتکپێکرانەوە گیراو زیندانیکرا.. شانبەشانی ئەمانەش، نێوی کوردو کێشەی کورد؛ چوونە سەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەو گۆڤارە بەنێوبانگەکانی جیهانەوەو، باسی کورد بوو بەوێردی زمانی ڕادیۆو تەلەفیزیۆنەکان و، قسەی ڕۆژانەی ماڵان و چایخانان و کۆڵانان.. ڕاستە خەڵکەکەی جیهانیش، چاوەڕوانی ئەوەبوون کە کورد ئازایانە بڕیارێکی بنبڕ بدەن و، ئەو سەربەخۆییەی کە، سەرەڕای هەموو کەموکورتییەکی بینراوو نەبینراوی، دوانزە ساڵ بوو کورد، لەنێو تاقمێك دوژمنی دەستوەشێنی گورگرەوشتدا، شانازییان پێوە دەکرد، بکەنە قەوارەیەکی دانپێدانراوو، خاك و زەوی و زارە دزراوەکەیان؛ لە دزو جەردەکان وەربگرنەوەو، بانگیی سەربەخۆییی کوردستان بدەن. . .

بەڵام داخی گران و هەزاران داخی گران، سەرکردەکانی دوو زلحیزبەکە، ئەو سەربەخۆییەیان کرد بەقوربانی فشەبرایەتی و یەکگرتنی؛ گوایە "ئارەزوومەندانە"ی کوردو عەرەب، بێ پرسوڕاکردن بە کورد، فەرموویان: کورد بەدڵخوازی خۆی بەشداری لەدەوڵەتی عێراقدا دەکات، دیارە؛ ئەمەش هەڵوێستێکی نابەرپرسیارانەیەو، زۆر لەسەر کورد دەکەوێت و، کورد گەلێك مافی ڕەوای خۆی لەدەست دەچێ. سەیر ئەوەیە؛ لەمێژووی هەشتا ساڵەی بەخوێنی کوردسۆری ئەم "برایەتی"و "عێراقچێتی"یە؛ هێندە فێرنەبوون کە داگیرکەر نابێتە براو، دوو نیشتمانی لەیەك جیاواز، لەسایەی سێبەری گەلێکی سەردەستی خۆ بەزلزاندا، نابنە یەك نیشتمان و، دەوڵەتی دەستکردیش؛ کە ڕەشەگرانەتێیەکی گرت، ئەوا تەختوبەختی لەیەکدەترازێ و، هەر پارچەی بەلایەکدا دەچێ. عێراقی دەستکردیش؛ پاش بوومەلەرزەی نیسان، پارچە پارچە بوو، کەچی ئەمان پارچەکەی کوردیان خستەوە سەر عێراق، چونکە پێیانوابوو، ئەگەر خۆیان بەعێراقی دایە قەڵەم، ئەوا "برا عەرەبەکانیان"؛ ڕایەخی ئاوریشم ڕادەخەن بۆیان و، دەیانکەنە گەورەو دەمڕاستی خۆیان و، پێیانوابوو، ئەگەر لەدەوڵەتی عێراقدا، چەند وەزیرێك و چەند گزیرێکیان هەبێ، ئەوا ئەمە "یەکسانی"یەو، کورد گەیشتووەتە "هاونیشتمانێتیی پلە یەك". هەزاران پاڕانەوەو لالانەوەی کەسانی وەك من؛ بەنیازی ئامۆژگاریی دڵسۆزانە؛ بۆ یەکخستنی دوو بەڕێوەبەرێتیەکەو، دامەزراندنی حکوومەتێکی یەکگرتوو و، لەشکرێکی یەکگرتووی کوردستانی، وەکو گوێز بژمێریت بۆیان وابوو. ئێستەش و ئەوساش؛ ڕازینە بوون بەوەی دوو شار ببەستن بەیەکەوە، هەر لەبەر ئەوەش بوو، ئەوەی کە پێیدەڵێن "هەرێم" لەباری قانوونییەوە؛ بوونی نییەو نابێ و، پەرلەمانەکەشیان هەشت ساڵە ڕەوایەتیی نەماوە. ئەنجامی ئەم سیاسەتە چەوتوچەوێڵەش؛ دەستەهەڵگرتن بوو لە کەرکووك و مووسڵ و شوێنە داگیرکراوەکانی دیکەی باشووری کوردستان و، ئیمزاکردنی قانوونی فێدەرالیزمی پارێزگەکان، بێ نێوبردنی نێوی کوردستان. ئەمە لەکاتێکدا کە کێشەی کەرکووك؛ هێندە سەخت و گران نەبوو، کە ببێتە ڕاوی کێوی ڕەش لێیان. هێندە بەس بوو؛ چەند ملوێنێك دۆلار بدەن بەو عەرەبە هاوردانەی کە ئامادەن بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان و، چەند ملوێنێکی دیکەش بخەنە خزمەت ئەو کەرکووکییە دەرکراوانەی کە ساڵانی ساڵە، بەڕەشوڕووتی و بێ ئاوی نێو ماڵ و بێ کارەباو بەزگی برسی لەبن خێوەتدا دەژین.. . ئەوجا، ئەو عەرەبانەی کە بەپارە ڕازینەبوونایە، دەتوانرا؛ هەر لەگەڵ هاتنە کەرکووکی چەکدارەکانی پارتی و یەکێتی؛ دەربکرێن و، کەرکووکییە ڕەسەنەکان بخرێنەوە جێی خۆیان. بەڵام حیزبحزبێنەو شەڕە پەڕۆی کەسك و زەرد، ئەو هەلەشی لەدەستدا.

خوێنەرانی ڕۆژنامەی "میدیا"؛ باش لەبیریانە کە لە چەند ساڵی ڕابوردوودا، گەلێك باسم لەم ڕۆژنامەیەدا بڵاوکردەوەو، گەلێك بابەتی ڕامیاریم ڕۆشنکردەوە. لەیەکێك لەو وتارانەدا، پەنجەم بۆ ئەوە ڕاکێشابوو؛ کە ئەمریکا؛ وەك زلهێزێکی پلەیەك، خاوەنی بەرژەوەندیی سوپایی و ڕامیاری و ئابووری و. . هتدە، دیارە پاش ئەو تەنگانەیەی تێیکەوتووە، لەوانەیە هێندەك هەڵوێست بگرێ کە دژی بەرژەوەندیی کورد بێ، ئەمەش ئەوەتە ئەوڕۆ بەچاوی خۆمان دەیبینین، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە کورد دەستەوستان دابنیشن و، بەهەموو جۆرە بەشێك ڕازی بن، نەخێر. . . کوردیش دەبێ سیاسەتی نەتەوەییی خۆی هەبێ و، ڕێنەدا کچی خۆی بکا بەقوربانی کوڕی ماڵە دراوسێ. کاربەدەستانی دوو زلحیزبەکە، پێیانوابوو ئەگەر بێتو سەری خۆیان کزکەن و بڵێن: "فەرموو، ئەوا لەو نێوچانەی کە ئێمە فەرمانڕەواین؛ ئاسایش هەیەو تێرۆر زۆر کەمە"؛ ئەوا ئەمریکا مل بۆ هەموو داخوازییەکیان دەدا؛ بەڵام ڕاستییەکەی؛ وەك چەند جار خستوومەتە بەرچاو، پێچەوانەکەی ڕاستە. ئەگەر دوو زلحیزبەکە ڕێیاندەدا بەجەماوەری کورد، بەسەتهەزاران بێنە سەر شەقامەکانی هەولێرو کەرکووك و مووسڵ و بەغداو، داوای سەربەخۆیی کوردستان و، ژیاندنەوەی پەیمانی سێڤەرو، مافی بڕیاری چارەنووس و گشتپرسی بکەن و، دووزلحیزبەکە لەوە نەدەترسان کە پێیانبگوترێ: "فەرموون، ئێوە باسی فیدەرالیزم دەکەن، کەچی کورد باسی سەربەخۆیی دەکەن"، بەدڵنیاییەوە، ئەو حەلە ئەمریکاییەکان و عەرەبەکانیشیان لەگەڵ، هانایان دەبردە بەر دوو زلحیزبەکەو، تکایاندەکرد لێیان کە جەماوەری کورد بە "کۆنفیدەرالیزم" ڕازیبکەن و لەبیری سەربەخۆیی "تەنازول" بکەن. ئەگەر لە خۆپیشاندانێکی چەند سەتهەزار کەسی لەهەولێر؛ لەڕۆژی هاتنی "ئەخزەر ئیبراهیمی"دا هاواریاندەکرد، "ئەخزەری بەعسی؛ بچۆ بۆ لای سەددامی هاوڕێت، "ئەخزەری بەعسی؛ کوردستان بەجێبهێڵە"! ئێستە کاروباری کورد بەجۆرێکی دیکە تەماشا دەکرا، دوو زلحیزبەکە چاوەڕوانی ئەوە نەدەبوون ئەخزەر پلەی سەرۆکوەزیرییەك بەکورد ببەخشێ کە نەیبەخشێ و دای بە کۆنە بەعسییەك. خۆ ئەگەر کوردیکێش بکرایە بە سەرۆکوەزیران کە نەکرا، یان کوردێك بکرێ بە سەرکۆمار، ئەوا ئەو کوردی سەرۆکوەزیرو سەرکۆماری دەوڵەتێکی عەرەبی دەبێ، نەك کوردستانی. ڕێی ڕاست ئەوەیە کە ئەم مانگەی بەدەستەوە ماوە، لەدەست نەدرێ؛ پێویستە دووزلحیزبەکە لەحکوومەتی کاتی عێراقدا بەشدارینەکەن و، جەماوەری باشووری کوردستانیش لەهەڵبژاردنی سەرتاسەریی عێراقدا، بەشدارینەکەن و، لەڕێی خۆپێشاندانی گەورە گەورەوە؛ داوای گەرەنتی ئینتەرناسیۆنالی بکەن بۆ مافی جیابوونەوە لەعێراق، هەر کاتێك پەرلەمانێکی هەڵبژێردراوی کوردستان، بە زۆربەی سادەی دەنگەکانی (نیوە+یەك)؛ دەنگی بۆ جیابوونەوەدا.

پێویستە هەموو لایەك ئەوە باش بزانن؛ کە ئەگەر کێشەی کوردو مافی کوردو سنووری باشووری کوردستان؛ بەشێوەی خۆڕسکی خۆی، نەچێتە ئەجندەی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوەو، لەلایەن ئەمریکاو بەریتانیاوە گەرەنتی پاراستنی ئەو مافەو ئەو سنوورە نەکرێ و، لەدەستووری بنچینەییی عێراقدا بەئاشکرا نەنووسرێ کە یەکگرتنی کوردستان لەگەڵ عێراق یەکگرتنێکە، هەر کاتێك پەرلەمانێکی کوردستانی، یان گشتپرسییەکی کوردستانی، بڕیاری جیابوونەوەی دا، جیا ببێتەوە، ئەوا دەبێ، هەر لەئێستەوە، "فاتیحا"ی مافی کورد، نەك هەر لەباشووری وڵاتەکەی و لەعێراقدا، بەڵکو لە تەواوی کوردستان و خۆرهەڵاتی ناڤیندا بخوێنین.

تاقیکردنەوەکانی نەتەوەی کوردو خەڵکی کوردستان و هەموو جیهان، ئەوە دەگەیەنن، کە هیچ مافێك لەڕێی بێدەنگی و سەری خۆکزکردن و ڕێزگرتن لەپێشێلکارانی ئەو مافە، نەهاتووەتە دەست و، نایەتە دەست، لەبەر ئەوە؛ نەتەوەی کوردی مافخوراو، بێدەنگ دانانیشێ، بەڵام با هەموو حیزب و حیزبۆلکەکانی کوردستان و، لەپێش هەموویشیانەوە، دوو زلحیزبەکە، کە دوانزە ساڵ کات و سەربەخۆییان هەبوو، کەچی نیوەی ئەو کاتەیان بەشەڕی خۆکوژی و، نیوەکەی دیکەشیان؛ بە دانەجێری لەیەکدی بردەسەر، وەکو دەمێك لەمەوبەر خستوومەتە بەرچاویان، ئێدی وەك جاری جاران؛ ناتوانن؛ بە قالۆرە شکاوەوە بکەونە کەژوکێوو سەرلەنوێ؛ "کورتانەکەی جەجال" بە ڕەشوڕووتی کورد بدروونەوەو، هەر دەمێکیش دەستیانڕۆیی؛ ڕێز بۆ جەماوەر دانەنێن. بزووتنەوەی ئەمجارە، تا ئەو هەندازەیەی ئەز بتوانم پێشبینیبکەم، شێوەیەکی زۆر جیاواز لەشێوە باوەکان دەگرێ؛ ئەوجا ئەو بزووتنەوەیە بەچەشنی ئاژاوەیەکی ڕادیکاڵی پچرپچرو هەر کەس بۆ خۆیی دەبێ، یان لەجۆری بزووتنەوەیەکی بەرنامەداری ڕۆشنبیرانەدا دەبێ، ئەوە جارێ زووە بۆ هێنانە بەرچاوی، بەڵام بەدڵنیاییەوە دەبێژم کە "سەرۆك"و "ڕێبەر" دەوری فەرمانڕەواییان نابێ؛ چونکە ئەو دەمە نەریتی "سەرۆکایەتی"و "بنۆکایەتی" نرخی نامێنێ و دەڕابەی دوکانی حیزبحزبێنەو پیاو فەرمانی و ژندوژمنی بەهۆی ساردی بازارەوە، بەرەو دادانەوە دەچێ. چینی خوێندەواری هوردە بۆرژوای کوردیش، کە بووە بە ئەسپێی کراسە کۆنی کۆمەڵگەی کوردو، لەهەڵمەتە کاسەیی و ماستاوکردن و دووڕووییدا بەشی کەسی نەداوە، بەرەو نابووتی و ریسوایی دەڕوا.

٢٠٠٤/٥/٢٩

# ٣٠ی حوزەیران: ئەو ڕۆژەی کوردستان لە عێراق مارە دەکرێتەوە!

**مەهاباد کوردی- سوێد**

لەعێراقی ئەمڕۆی پڕ لە کێشمەکێش و شەڕو ئاژاوەو یەکنەگرتنی بەرژەوەندییەکاندا، ئەوەی کە زیاتر باسی لێوە دەکرێت، بابەتی وەرگرتنەوەی دەسەڵات لە ئەمریکاییەکان و سەروەرێتی دەوڵەتی عێراقی قۆناغی دوای نەمانی بەعسە. لە باشووری شیعەنشینیندا لایەنگرانی هەرزەکاری ئیسلامی موقتەدا سەدر، بەدەردی خۆیان گۆتەنی، دەیانەوێ عێراق لەداگیرکەرە چەپەڵە بیانییەکان پاك بکەنەوە. کۆنە بەعسی و فەللوجەیی و جەللادانی پێشووی ڕژێمیش، وێڕای کوشت و کوشتارو کاری تێکدەرانەو تیرۆریستانەیان، باش دەزانن بە چ شێوەیەك ساردبوونەوەی هێزی هاوپەیمانان و بەتایبەتیش ئەمریکاییەکان بقۆزنەوە. ئەدی نەمانبینی لە فەللوجە چۆن کرنووشیان بۆ ئاڵا نەگریسەکەی بەعس دەبرد؟!

هەرچی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانانە بە سەرکردایەتی ئەمریکا، قەت گومان لەوەدا نییە، ڕۆژ لەدوای ڕۆژو لەئەنجامی خەمساردی و هەڵەو شاشییەکانی خودی ئەمریکاییەکان، ڕووبەڕووی گەلێ کێشەو تەنگوچەڵەمەی جۆراوجۆر بۆتەوە. واترینییان مەسەلەی زیندانە بەدناوەکەی ئەبوغرێب بوو، کە میراتی سەردەمی ڕەشی بەعسەو ئەمریکا بەدەستییەوە گیری خواردووە. ئەرێ بەڕاست ڕۆژنامەڤانانی ئازادی ئەورووپاو ئەمریکا پێشتر ناوی ئەبوغرێبیان نەبیستبوو؟! کاتێ ڕۆڵەکانی کورد دەنێو ئەو گرتووخانە سامناکەدا قەسابخانەیان بۆ دادەنراو ئەتك دەکران، ئەو برادەرە بوێرو مرۆدۆست و پێنووس نووکتیژو بیرئازادانە گێرەیان لەکوێ دەگەڕا؟!

لەئەنجامی ڕاستەوخۆی پێکەوەنانی ئەوارەیەکی دەستکرد بەناوی عێراق، ئەوە ٨٠ ساڵ زیاترە گەلی باشووری کوردستان لە هەر لایەنێکی دیکە پتر دووچاری ڕاوەدوونان و تەڤکوژی و سووتماککردنی وڵاتەکەی و ئەنفال و کیمیاباران و هەموو جۆرە ستەمێکی نەتەوەیی و سیاسی و جوگرافی و ئابووری و فەرهەنگی بۆتەوە. کوردو سەرکردایەتییەکەی دەبووایە پێش هەر لایەنێکی تر لەدژی بنیاتنانەوەی دەوڵەتێك بەناوی عێراق بوەستنەوەو، بەکردەوەش بۆ ئەم مەبەستە تێبکۆشن. دیارە ڕێك بەپێچەوانەی ئەم بۆچوونە، بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە، ئەوڕۆ لە هەر لایەنێکی دیکە زێتر ڕێبەرایەتی کورد شێتانە جەماوەری سەربەخۆییخوازی کوردو خاکی کوردستانیش بەعێراقی ڕاووخاو و نەماو دەبەستێتەوە. ئەی ئەوە ئەوان نین شەوو ڕۆژ باس لە "ئاشتبوونەوە"و "سەروەرێتی تەواوی عێراق"و "برایەتی کوردو عەرەب"و "عێراقی هیواو ئاشتی"و چی و چی تر دەکەن؟! ئێمەی کوردی هەزاران کیلۆمەتر دوور لەکوردستان، لامان شەرمێکی گەورەو تاوان و گوناحە، خوا نەخواستە خۆمان بەعێراقی بزانین. هەربۆیە هەمیشە ناوی پیرۆزی "کوردستان"مان لەسەر زارە. کەچی ئەو سەرکردە کوردانە لەناو جەرگەی نیشتمانی ڕەسەنی کورداندا خەریکی ئەوەن کوردستان لەعێراق مارە بکەنەوەو، بەبەردەوامیش کۆنە جەللادو بەعسییانی مرۆڤخۆر داوەتی هەولێرو ئێرەو ئەوێی کوردستان دەکەن. لە هەمووشی داخدارترو ناخۆشتر قسەی مەلایەکی خۆمانەیە کە شەقاوەو شەللاتییان و فەللوجەی بەعسییان بەهەڵەبجەی شەهیدو هێشتا بریندراری کوردستان دەشوبهێنێ. تۆ بڵێی مامۆستای ڕیش سپیم ئاگای لە کەینوبەینی فەللوجەو ڕۆڵی بەعسییە عەرەبە چاوڕەشە عروبەوییەکانی ئەو شارە نەفرەتییە نەبێ؟ زۆر لە تۆپیوانی جەنگەکەی ناو فەللوجە کۆنە بەرپرس و تاوانبارانی ڕژێمی بەعسی عەفلەقی بوون. ئەوەش گەڕێ و لەخۆت بپرسە: تا هەنووکە چەند مەلای عەرەب "لەدڵەوە"، فرمێسکیان بۆ هەڵەبجەو کوردستان باراندووە؟!

لەدەمەدەمی نووسینی ئەم چەند دێرانەدا سەرکردایەتی کورد هەوڵی ئەوە دەدات، لە بەغدای پایتەخت، پلەو پایەی سەرۆکایەتی بەدەست بخات. داخی گرانم ئەوان لە کوردستان ناتوانن، ڕاستتر نایانەوێ، دوو ماڵۆچکەی کورد بکەن بە یەك، لێ لەهەمان کاتدا دوورتر پەل داوێن و بەتەمای پلەو پایەی باڵان لەعێراقی هاتوودا. ئاخر من چ لە وەزیرێك بکەم کە لە قاهیرەی بارەگای عەمرۆ مووسادا خۆی بەنوێنەری کورد نەزانێ و، لە نموونەی عەرەبێکی عەگال بەسەر لێمان بێتە زمان؟!

با "مامە"و "کاکە" بەر لەوەی خۆیان بکەن بە مام و کاکی عەرەبان، ئاوڕێك لە هاوزمانانی خۆیان بدەنەوە. خراپ نابێ گەر پرسەخەسووانێیەکیشیان پێ بکەن، هەرنا بۆ ئەوەی بزانن داخوا کورد قایل دەبێت سەرلەنوێ لەعێراق مارە بکرێتەوە یان نا؟

لەم ڕۆژانەی دواییدا لەڕاگەیاندن و هەردوو تەلەفزیۆنەکەی پارتی و یەکێتی گوێمان لەوە دەبێ، لەکەرکووك و مووسڵ، هێرش و دەستدرێژی دەکرێتە سەر کورد. پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: کێ کوردی بەم دەردە برد؟ یان، ئەنجوومەنی ٢٤ کەسیی شاری کەرکووکی کوردستان لەلایەن کێ قیت کرایەوە؟ ئەی گەڕانەوەی بەبەرنامەی کوردە دەرکراوەکان، کە ئێوەی فەرمانڕەوایانی کوردستان زورناتان بۆ لێدەدا، چی بەسەر هات؟ گەنجانی خەمخۆری کورد لەکەرکووك، لێنەدەگەڕان ئاڵای پیرۆزی کوردستان لەو شارە کوردستانییە پشتی لەعەردی بدرێت، ئێوە پوختەو جوان ئەوانتان بەتوندڕۆو گێرەشێوێن ناو دەبرد؟! پرسیارەکان ئەوەندە زۆرن بنیان نایەت.

لەکۆتاییدا ئەمن دوعایەکی دەکەم ئەنگۆ بڵێن ئامین: خوایە ٣٠ی حوزەیران قەت نەیەت!

٢٠٠٤/٥/٢٠

mehabadk@hotmail.com

## لەچوارەم ساڵیادی شەهیدکردنی سەربەست مەحموودی سەرکردەدا :

# خوێنی شەهیدان بڕیاری کوردانەمان لێ دەخوازن

**غەفوور مەخمووری**



ئەگەر سەرنج بدەینە دیرۆکی حزب و ڕێکخراوە سیاسییە نەتەوەییەکانی کوردستان دەبینین هەمیشە هەوڵی لێدانی ئەم ڕێکخراوانە دراوەو، کۆسپ و لەمپەر خراونەتە بەردەم کارو خەباتیان، چ بەبەرتەسکردنەوەی ئازادی کارکردن و چ بەهاوکاری و پشتگیری نەکردن و تادەگاتە پاکتاوی جەستەیی، YNDKیش کە درێژە پێدەری خەباتی نەتەوەییە لەکوردستاندا، وەك هەر ڕێکخراوێکی تری نەتەوەیی دووچاری لێدان و دژایەتی کردن بۆتەوە، چ بەقەدەغەکردنی کارو خەباتی لەهەندێ ناوچەی کوردستان و چ بەهاوکاری و پشتگیری نەکردنی وەك لایەنەکانی تر لەلایەن دەسەڵاتەوەو، تادەگاتە هەوڵی پاکتاوی جەستەیی، تیرۆرکردنی براو هەڤاڵی خۆشەویستمان شەهید سەربەست مەحموود- ئەندامی مەکتەبی سیاسی YNDKو سەرنووسەری ڕۆژنامەی میدیا لوتکەی دژایەتی کردنی YNDK بوو لەلایەن ناحەزانەوە.

شەهید سەربەست بزوێنەرێکی کاریگەری بزاڤی نەتەوەیی YNDK بوو، ئەو دەیویست بەدیدگایەکی نوێ لە کەتواری بزاڤی نەتەوەیی بڕوانێ و شیبکاتەوە، دەیویست کەسایەتی کەوتووی کورد لەسەر بنچینەی باوەڕ بەخۆبوون و پەیوەست بوون بە کلتوری کوردایەتییەوە هەڵسێنێتەوەو بینابکاتەوە، هەر بۆیەش زووکەوتە شرۆڤە کردنی ئایدۆلۆژیا هاوردەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و لەدیدگایەکی نەتەوەییەوە شیکردنەوەو، لایەنە نێگەتیڤەکانی ئەو ئایدۆلۆژیایانەی بۆ هەموو لایەك خستە بەرچاو، شەهید سەربەست دەیویست تاکی کورد وا ڕابهێنێ کە خۆی بەئایدۆلۆژیای نەتەوەییەوە پەیوەست بکات، لەبەر ئەوەی لای ئەو کوردایەتی ئامانج بوو، حزبایەتیش هۆکارێك بوو بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، شەهید سەربەست چ بەنووسین و چ لە کۆڕو سمینارە هزرییەکانی خۆی هەمیشە بەو ئاراستەیەدا کاری دەکردو، بەبیرو بۆچوونە نەتەوەییەکانی ببووە کەسایەتییەکی ڕۆشنبیری کاریگەر لەسەر گۆڕەپانی سیاسی کوردستان، هەر بۆیەش ناحەزان و دوژمنانی کوردایەتی و YNDK چاویان بەو چراگەشە هەڵنەهات و هەوڵی کوژاندنەوەیانداو، ئەوە بوو بەوپەڕی هۆڤێتی و دوور لەهەموو ئەخلاقێکی مرۆڤایەتی لە ٢٠٠٠/٥/٣١دا تیرۆریان کرد وایانزانی بەتیرۆرکردنی شەهید سەربەست دەگەنە ئامانجەکانیان کە لێدانی ڕێبازی کوردایەتی و YNDKە، نەیانزانی کە شەهید سەربەست دەیان سەربەستی تری پێگەیاندووەو بەو ئایدۆلۆژیا نەتەوەییە چەکداری کردوون، ڕاستە تیرۆریستە نەفسنزمەکان توانیان بەجەستە شەهید سەربەستمان لێ بسەننەوە، بەڵام هەرگیزاو هەرگیز نەیانتوانی و ناتوانن بیرو بۆچوونەکانی شەهید سەربەست-مان لێ بسەننەوە، بیرو بۆچوون و یادگارەکانی ئەو هەمیشە لەویژدانمان بەزیندوویی دەمێننەوەو شەهید سەربەرستیش بەشەهید بوونی زیاتر باڵا دەکات، وەك چنارێکی باڵا بەرز لە پێدەشت و چیاکانی کوردستاندا هەمیشە بەسەوزی دەمێنێتەوە.

یادکردنەوەی شەهید سەربەست یادکردنەوەی تێکرای شەهیدانی ڕێی سەرخۆبوون و ئازادی کوردستانەو لەکاتێکدایە کە وڵاتەکەمان بە بارودۆخێکی زۆر هەستیاردا تێپەڕ دەبێت ئەویش ئەوەیە کە تائێستا چارەنووسی کورد لەو بەشەی کوردستان کە بەعێراقەوە لکێنراوە بەروونی دیار نییەو لە هەموو لایەکەوە هەوڵی بەپەراوێز کردنی کورد دەدرێت. دەیانەوێت بمانگەڕێننەوە بۆ سەردەمی زوو، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەرمی نواندنی سەرکردایەتی سیاسی کورد بەتایبەت ئەوانەی کە لەئەنجومەنی فەرمانڕەوای عێراقن، سیاسەتی کورد ئەوەبوو کە هەموو کەس لەخۆی ڕازی بکات بۆیە بەم چارەنووسە گەیشتووین، ئەوەتا هەر لەسەرەتاوە کەرکوك و مەخموورو شنگال و خانەقین و.. تد یان لەکوردستان قرتاندو دایانە دەست چارەنووسێکی نادیار، لەئەنجومەنی فەرمانڕەوای عێراقیش بەڕێژەیەکی کەمتر لەمافی خۆی کوردیان ڕازی کرد، لەیاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقیشدا ئەوە نەچەسپێندرا کە کورد داوای دەکرد، ئەوەتا لەسەروبەندی گواستنەوەی دەسەڵات بۆ عێراقییەکاندا کورد لەهەردوو پۆستی سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیران بێبەشدەکرێت و بەجێگر قبوڵ دەکرێت، بەجێگر قبوڵ کردنیش یانی هاووڵاتی پلە دووی ئەو وڵاتە، ئەو وڵاتەی کە هیچ شتێکی نەمابوو کورد خۆی هەوڵی دامەزراندنەوەی دا. ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە دوای ئەو هەموو زوڵم و غەدرە سەرکردایەتی سیاسی کورد وەك وەفادارییەك بۆ خوێنی شەهیدانی کوردستان بڕیاری کوردانەی خۆی بدات و بەگەلی عێراق ڕابگەیەنێت هەر کەس لەماڵی خۆمان و ئێمە عێراقی نین و کوردستانین و عێراق بۆ خۆتان و کوردستانیش بۆ خۆمان. بەباوەڕی من تەنها ئەو دەرفەتەمان لەپێشدا ماوە، ئەگەر ئەوە نەکەین ئەوا خۆمان تووشی دۆڕانێکی گەورە دەکەین و مێژوویش بەزەیی بەکەسدا نایەتەوە. ناهەقییەکی گەورەیە دوای چواردە ساڵ ئازادی و سەرفرازی و بوونە خاوەنی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان خۆمان بچوك بکەینەوەو بەهەموو شتێك ڕازی بین. ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم ڕەوشەی ئێستا بڕیاری بوێرانەو کوردانەی گەرەکەو نەتەوەکەشمان چاوەڕوانی ئەو بڕیارە مێژووییەیە کە ئێستا کاتییەتی. دوای ئەو هەموو نەرمی نواندنە باجارێکیش دەستی (نا) بەرزبکەینەوە خۆ دونیا کاول نابێت! (نا)ی کورد لەم بارودۆخەدا کاریگەری خۆی دەبێت و دەبێتە مایەی هەڵوەستەکردنی بڕیاربەدەستانی عێراق و جیهان و (نا)یەکی حیساب بۆ کراو دەبێت. هەموومان چاوەڕوانی ئەو (نا)یەی کوردین.

پیرۆزی و گەورەیی خوێنی شەهیدان لەئاست ئەم بارودۆخەدا هەڵوەستەمان پێدەکەن و پێمان دەڵێن ئێمە بۆ ئەوە خوێنمان نەڕشت هەمیشە ژێردەستە بین و دەستی (بەڵێ) بۆ هەموو کەس بەرز بکەینەوە.

لەچوارەم ساڵیادی شەهیدکردنی (شەهید سەربەست مەحموود)دا جارێکی دی داوا لەدەزگا بەرپرسەکان دەکەین کە هەوڵی جدی بدەن بۆ دۆزینەوەی بکوژانی شەهیدو بیاندەنەدەست دادگا بۆ ئەوەی بەسزای خۆیان بگەیەنن، بەمەیش گیانی شەهید سەربەست و تێکرای شەهیدانی ڕێی سەرخۆبوون و ئازادی کوردستان ئاسودە دەکەن.